

# کۆنگرەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

ڕۆژنامە نووس دەست بەرز ناکاتەوە بەڵکو قەڵەم بەرز دەکاتەوە و ڕاستییەکان تۆمار دەکات . ڕۆژنامەنووس بەدوای بڕیاڕی حیزب و سەرکردە ڕاناکات بەڵکو حیزب و سەرکردە بەدوای ڕۆژنامەنووس عەوداڵن بۆ ئەوەی بە دنیایان بناسێنێت . ڕۆژنامەنووس دزی ناکات، بەڵکو دز و ڕەشوەخۆر و گەندەڵباز بۆ میللەت ئاشکرا دەکات و جارجارە لە دادگاکان سوودیش لە ڕاپۆرت و ریپۆرتاژەکانی ڕۆژنامەنووسەکە وەردەگیرێ و تاوانباری پێئاشکرا دەکرێت . ڕۆژنامەنووس نابێتە کلکی دەسەڵاتدار و بەدوای کورسی عەوداڵ نی یە ، بەڵکو هەردەم ئەو بیروکراتە کورسی پەرستانە ریسوا دەکات کە هیچ خزمەتێک پێشکەش بە میللەت ناکات و کوسیش بۆ کەس چۆل ناکات . ڕۆژنامە نووس بە سەرمایە نایەتە کڕین و بۆ پوول[مادە] سەر شۆڕناکات و ئەوبەری حیزب حیزبایەتی ناکاتە پیشەی خۆی ، بەڵکو هەردەم ئەو دەستانە ئاشکرادەکات کە دەیەوێت بە پارە و سەرمایە خەڵکی ساویلکە و بەرتیل خۆڕ بکڕیت و لەبازاری ڕۆژنامەگەڕی دا بەکاریان بهێنێت . ئەرێ ئەوە کەی کۆنگرەی ڕۆژنامە نووسانە کە بە تەوافوقی لایەنەکان لەدژی بێلایەن و سەربەخۆ کۆنگرە کۆتایی پێبێت .ئەو ڕۆژنامەنووسانە کەی دەتوانن ئازادی ڕۆژنامەگەری لە کوردستاندا بپارێزن و لە ڕۆژانی تەنگانەدا بەدەنگی ئەو نووسەرانەوە بێن کە سەر شۆڕناکەن بۆ دەسەڵات . ئازادی ڕۆژنامەگەری بۆ کوردستان لە نەوت و ئاو و کارەبا پێویسترە بۆ ئەوەی ئەو میللەتە هۆشیار بێتەوە .












ئەوە دەقی ئەو هەواڵەیە کە لە سایتی[ماڵپەڕی]

کوردستان نیوز ڕۆژی 2007/12/29 بڵاوکراوەتەوە .لەگەڵ وێنەکان .

بڕیار نامیق، هەولێر:

لەناو کۆنگرەی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستانەوە لەشاری هەولێر ئەندامێکی کۆنگرە

بەكوردستانیوزی ڕاگەیاند " پاش چەند خولەكێك لەدەنگدانەكان ناوی ئەو كەسانە ڕاگەێنرا كەبەلیستی تەوافوقی لایەنەكان دانرا بوون و لەلایەن ڕۆژنامەنوسانی حزبەكانەوە بەچەپڵەڕێزان پیرۆزباییان لێكرا كەبریتین لەهەمان ئەو كەسانەی پێشوو ئەوانیش " فەرهاد عەونی - پارتی- نەقیبی سەندیكاو مستەفا ساڵح كەریم -یەكێتی- جێگر"و ئەندامانی ئەنجومەنی باڵاش بریتین لە "بەهجەت هروری-پارتی- و شوان داودی-یەكێتی-و حامد محەمەد عەلی-یەكگرتوو-و زیرەك كەمال-شیوعی-و جەمال حسین-زەحمەتكێشان-و شوان هەورامی-كۆمەڵ-و ئومێد خەلیفە- توركمان-و جینان پۆلس-كلدوئاشوری-و ئەنوەر حسێن- سوسیالست-و ئەكەد موراد-كلدۆ ئاشوری ".

**فەهد گردەوانی 2007/12/30 ستۆكهۆڵم**